مەسرور بارزانی و باڵیۆزی ئێران تاوتوێی گفتوگۆی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق دەکەن



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ باڵیۆزی ئێران لە بەغدا کۆبوونەتەوە. لە کۆبونەوەکەدا تاوتوێی گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراقیان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ تاوتوێ کردوە.

بەپێی راگەیەندراوێکی حکومەتی هەرێم کەدستی موتتوع کوتووە، ئەڵێ یکشممە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لێ محەمەد کازم ئال سادق، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێ عێراق کردوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە کۆبونەوەکەدا کە فەرامەرز ئەسەدی، کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر ئامادەی بوە، پەرەپێدانی پەیوەندیی دولایەنە، دۆخی گشتیی عێراق دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، تاوتوێ کراون.

هەروەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە بەشکی دیکەی گفتوگۆکاندا، جەخت لە بڕودان بۆ

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگیدا.